# ئازادیی قەرەچووغ

Azadî Qereçûx

کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات

ساڵنامەیەکی رۆشنبیریی گشتیی هەمەڕەنگە، هەرێمی قەرەچووغی YNDK ساڵانە لەیادی ئازادکردنی شاری مەخموور و دەوروبەری دەریدەکات ژمارە (5) پێنج شەممە 2008/4/10 21ی نەورۆزی




ل3..

مەخموور و ماددەی 140



ل4..

شوێنەوارە دێرینەکانی دەڤەری مەخموور



ل5..

بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەری لە دەڤەری مەخموور

# ئەوانەی گوندیان تێکدراوەو فۆرمی خۆراکیان لە سەر موسڵە ئەگەر قەرەبوو نەکرێنەوە ئەوا زوڵمیان لێدەکرێت

## دی میستورا : دوای وەرگرتنی رای خەڵکی مەخمووری دەوروبەری

## ( UN ) بڕیاری خۆی سەبارەت بە گەڕانەوەی ئیدارەی ناوچەکە بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان دەدات

**غەفوور مەخمووری**

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە کە لە بەغداوە لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 (6000) فۆرمی ئەو کەسانەی گەڕاندۆتەوە کە لە سنووری مەخموور گوندیان لێ وێرانکراوە و ئاوارەی مەخموور و قەراج و گوێڕ کراون و فۆرمی خۆراکیان لەسەر موسڵ ماوەتەوە ، گەڕاندنەوەی فۆرمەکانیش بۆ ئەوەیە کە ئەو خەڵکە قەرەبوو نەکرێنەوە ، لێرەدا دەبێ ئەو راستییە بزانین کە ئەو خەڵکانەی گوندیان وێرانکراوەو بە زۆر راگوێزراون هەموویان زیانی ماددی و مەعنەوییان پێگەیشتووەو لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکراون و ، کە لە مەخموور یا قەراج و گوێڕ نیشتەجێبوون بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی دەرکردن و ترساندندا بوونە لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی رووخاوی بەعس ، خەڵکی دیبەگەش کە هەر هەموویان ئاوارەی خەبات کران لەوانەیە بەشێکی کەمیان لە مەخموور یا قەراج یا گوێڕ نیشتەجێ بووبن ئەوانیش خەڵکێکی ئاوارە بوون و بەردەوام لە دڵە راوکێدابوون . بۆیە دەبێ ئەو خەڵکەش لە قەرەبووکردنەوەدا بێبەش نەکرێن ، خەڵکی دەڤەرەکە کە خەڵکێکی خودان قۆناغ و تێکۆشەر و وڵاتپارێزن بەردەوام زوڵمیان لێکراوە ئەگەر ئەمجارەش لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە قەرەبوو کردنەوەدا بێبەشیان بکات کەواتە جارێکی تر زوڵم لەو خەڵکە خۆڕاگرو ستەمدیدەیە دەکرێت ، لەسەر هەموو لایەکمانە کاری جدی بۆ ئەوە بکەین کە هاوکاری ئەو خەڵکە تێکۆشەر و خۆڕاگرەی دەڤەرەکە بکەین بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەرهەق بەو خەڵکە رەتبکرێتەوە و ئەو خەڵکانەش کە گوندەکانیان تێکدراوە و هێنراونەتە مەخموور وەکو ئاوارەو دەربەدەر هەژمار بکرێن ، لەبەر ئەوەی ئەوانیش ئاوارەن و بە زوڵم لە گوندەکانیان وەدەرنراون .

جەماوەری دەڤەری مەخموور پاش ئەو هەموو زوڵم و زۆرییەی رژێمی بەعسی فاشی رووخاو چاوەڕوان بوو زۆر شت بۆ دەڤەرەکە بکرێت و دەڤەرەکە ئاوەدان بکرێتەوە ، بەڵام بە داخەوە هیچیان بۆ نەکرا ، ئەگەر ئەو زوڵمەشیان لێبکرێ و قەرەبوو نەکرێنەوە ئەوا گەورەترین ناهەقیان دەرهەق ئەنجام دەدرێت . لەسەر ئیدارەو جەماوەری دەڤەرەکە و ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەیە کە لە دەڤەرەکەدا کار دەکەن لە بەرامبەر ئەم پرسەدا بێدەنگ نەبن و ئەو زوڵمە قبوڵ نەکەن . قبوڵکردنی ئەو زوڵمە دەبێتە هۆی بێئومێدی خەڵکی دەڤەرەکە لە دەسەڵات ، رژێمی رووخاوی بەعس کە لە ساڵانی 1987 و 1988 دا زیاتر لە 140 گوندی ناوچەکەی وێرانکرد ، تەنها لەبەر ئەوە بوو کە ئەو گوندانە گوندی کوردان بوون ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری ئەو گوندانە بە وێرانی و چۆڵی ماونەتەوە ، بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئەو گوندانە ئاوەدان ببنەوە ئەوا دەبێت پاڵەپەستۆ بخەینە سەر لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140 تا خەڵکەکە قەرەبوو بکاتەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانە و ئاسوودەکردنی خەڵکەکەیان.

لە کۆبوونەوەی 2008/4/6 ی جەماوەری مەخموور لەگەڵ ستافان دی میستورا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی (UN) لە عێراق ئەو پرسەم خستە روو ، ئەویش سۆزیدا کە ئەو پرسە بە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی عێراق بگەیەنێت بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە ، بۆیە بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم گرفتە و چارەسەرکردنی بە پێویستی دەزانم لێرەوە داوا لە بەڕێزان جەنابی سەرۆکی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان بکەم کە داوا لە حکومەتی عێراق و (UN) بکەن ئەم پرسە چارەسەر بکات بۆ ئەوەی خەڵکی دەڤەرەکە هەست بە مەزلوومیەتی زیاتر نەکات .

پێویستە خەڵکی دەڤەرەکەش بە شێوازی ئاشتیانە پاڵەپەستۆ بخەنە سەر حکومەتی عێراق بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە و بێدەنگ نەبن بەرامبەر ئەو هەڵوێست و بڕیارەی حکومەتی عێراق.

با هەر هەموو لایەکمان بەیەکەوە کار بکەین بۆ رەتکردنەوەی ئەو زوڵمە و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەن ماف .

تایبەت بە (ئازادیی قەرەچووغ) :

رۆژی (2008/4/6) (ستافان دی میستورا) نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) ، سەردانی شارۆچکەی مەخمووری کردو بە ئامادەبوونی هەڤاڵ (غەفوور مەخمووری) سکرتێری گشتی YNDK و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و (بارزان سەید کاکە) قائیمقامی قەزای مەخموورو (جەمیل سنجاوی) بەرپرسی هەرێمی قەرەچووغی YNDK و (ئەحمەد کانی) بەرپرسی لقی 23ی پارتی دیموکراتی کوردستان و (بەکر ئەحمەد) بەرپرسی مەڵبەندی قەرەچووغی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆك خێڵ و کەسایەتی دەڤەرەکە ، لە بنکەی فەوجی یەکی سەربازی لە مەخموور کۆبوونەوەیەکی فراوان سازکرا . ئەمەو جێبەجیکردنی ماددەی (140) لەو دەڤەرەدا خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و گەڕانەوەی ئیدارەی مەخموور بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە بوو . ئەمەو لە راگەیاندنێکدا بۆ میدیاکان ( دی میستورا ) مەبەستی سەرەکی لە سەردانییەکەی بۆ ناوچەکە لە پێناو گوێگرتن لە هاوڵاتیانی دەڤەرەکە بە کورد و عەرەبەوە گەڕاندەوە، هەروەها لە نزیکەوە ئاشنا بوون بە داخوازییەکانیان سەبارەت بە بابەتە هەڵپەسێردراوەکان لە ناوچەکە و دەوروبەری ، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو هەولانەی کە پێویستە هەنگاوی بۆ بنرێت بۆ گەڕانەوەی شارەکە بۆ سنووری ئیدارەی حکومەتی کوردستان. سەرچاوەیەك بە (ئازادیی قەرەچووغ)ی راگەیاند، کە لە کۆبوونەوەکەدا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر کوردستانییەتی مەخموورو دەوروبەری ، تیشك خرایە سەر زەرەرمەندبوونی خەڵکی دەڤەرەکە لەرووی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە ، بەهۆی هەڵپەسێردراوی ئیدارەی ناوچەکە لە نێوان دوو ئیدارەدا، هەروەها لە درێژەیدا سەرچاوەکە ئەوەشی خستە روو کە نوێنەرەکەی (UN) راپۆرتێکی خۆی دەبێت کە پشت بە بەستوو دەبێت بە راوبۆچوون و خواستی خەڵکی ئەو دەڤەرە و بڕیارە لە مانگی ئایاری داهاتوودا راپۆرتەکە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) بەرز بکرێتەوە و وا چاوەڕوان دەکرێت کە لەسەر ئەم بنچینەیەشدا بۆ گەڕانەوەی ئیدارەی ناوچەکە بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی کوردستان،



## ئەوانەی پسوولەی خۆراکیان سەر بە موسڵە قەرەبوو ناکرێنەوە:

# لە کۆی (18000) داواکاری تۆمارکراو تەنیا (10000) کەس قەرەبوو دەیانگرێتەوە .

تایبەت بە (ئازادیی قەرەچووغ)

لە ئۆفیسی مادەی سەدو چل لە مەخموور، (18000) هەژدە هەزار هاوڵاتی داوای قەرەبووکردنەوەیان تۆمار کردووە، بەپێی مادەکە تەنیا (10000) دەهەزار کەس دەیانگرێتەوە .

**(بارزان سەید کاکە)** قایمقامی مەخموور رایگەیاند، کە" لە کۆی هەژدە هەزار داواکاری هەولاتیانی ئاوارەبووی دەڤەرەکە، تەنیا ناوی دەهەزار هاوڵاتی پەسند کراوەو ئەوانەی تر قەرەبووکردنەوە نایانگرێتەوە) . هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ئەو لیژنە سێ قۆڵییەی لە بەغداوە هاتوونە بۆ پەسند کردنی ناوەکان، تەگەرە دروست دەکەن و بڕیارەکەیان توندەو وتی " بە هەناسەیەکی دوژمنکارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسیەدا دەکەن" ، هەروەها سەبارەت بەو پرسەی، کە خەڵك هەیە گوندەکانیان بەسەردا خاپوور کراوەو لەبەر ئەوەی پسوولەی خۆراکیان سەر بەموسڵە، قەرەبووەکە نایانگرێتەوە، وتی"ئێمە زۆر داکۆکیمان لە مافی ئەوانە کردووە، بەڵام تا ئێستا لە قۆناغی ئاساییکردنەوە داین بەپێی مادەکەش، لەم قۆناغەدا دەبێ عەرەبە هاوردەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و کوردە دەرکراوەکانیش بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر زێدی خۆیان، ئێستا ئەو لیژنەیە بیانووێکی یاساییان بە دەستەوەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ (من دەمەوێ ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە مەخموور کەچی ئەمانە خۆیان ئێستا لە مەخموورن و پسولەیان سەر بە موسڵە" . سەبارەت بە کاتی دابەشکردنی چەکی پارەی رێژەیەك لە هاوڵاتیان کە بە چەند قۆناغێك چەکەکان دەگەڕێنەوە، قایمقامی مەخموور وتی " لەماوەیەکی نزیك چەکی بەشێك لەم هاوڵاتیانە دەگەڕێتەوە" .

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ساڵنامەی ئازادیی قەرەچووغی راگەیاند، کە "2008/4/15، بڕی (552) چەکی هاوڵاتیانی ئەو دەڤەرە دەگەڕێتەوە، بە چەند قۆناغێکی تریش، چەکەکانی تری ئەو ناوانەی

# لە مەخموور یەکەمین فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوە بەڕێوەچوو




لەژێردروشمی ( شیعر ئاوێنەی هەستەکانە ) ، یەکەمین فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوە ، بۆ ژمارەیەك لە شاعیرانی مەخموور و دەوروبەری بەڕێوەچوو . لە رۆژانی 17-2008/3/18 لە هۆڵی وەرزش و چالاکی خوێندنگاکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخموور ، بە بۆنەی بەرزراگرتنی یادەکانی راپەڕین و نەورۆز ، سەنتەری رۆشنبیری مەخموور ، فیستیڤاڵێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ (16) شاعیری مەخموورو دەوروبەری کردووە ، ئەمەو فیستیڤاڵەکە بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر ، بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بوو ، شایەنی باسە ئەمە یەکەمین فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوەیە لە مەخموور ، لە دوای پرۆسەی ئازادی و رزگاری دەڤەرەکە ئەنجامدەدرێت ، بۆ ئەم مەبەستە وردەکارییەکانی فیستیڤاڵەکە و چاوپێکەوتنی بەرپرسی سەنتەر و هەندێ لە شاعیرانی بەشداربووی فیستیڤاڵەکە لە لاپەرە (7) دا بخوێنەوە .

تەنیا یەك پەیکەری شوێنەواریی لێ نییە

## بنکەی شوێنەواری مەخموور دامەزرا .

دوای نۆژەنکردنەوەی، قشڵەی کۆنی مەخموور بنکەی شوێنەواریی مەخمووری لێ دامەزرا و تەنیا یەك پەیکەری شوێنەواریشی لێ نییە .

(سەباح عوسمان) کارمەندی بنکەکە، بە (ئازادیی قەرەچووغ) ی راگەیاند، کە " تا ئێستا ئەو بنکەیە مۆزەخانەی لێ نییە، بۆیە تەنیا یەك پەیکەری شوێنەواری لە بنکەکەدا نیە" . هەروەها سەبارەت بە سەرپەرشتیکردنی بنکەکە، وتی تا ئێستا بەڕێوەبەرمان نیە، بەڵکو بە شێوەیەکی کاتی (عەلی عەبدوڵڵا) سەرپەرشتی کارمەندەکان دەکات کات و تەنیا ئەو چەند کارمەندەی کە لەوێ دامەزراون بەڕێوەی دەبەن". هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تا ئێستا کەسی پسپۆڕ لەو بوارە لە بنکەکەدا دانەمەزراوە، هەروەها سەبارەت بە دۆزینەوەی هەندێ کەلوپەلی وەك (گۆزە)ی کۆن دۆزراوەتەوە، ئەمیش دراوە بە ئاسایش و لەوێشەوە رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر کراوە، ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە تا ئێستا مۆزەخانە لە بنکەکە نەکراوەتەوەو ئەمەش پێویستی بە پاسەوانییەتییەکی باش هەیە و ئێمەش تا ئێستا دوو پۆلیسمان هەیە وەك پاسەوان و داوای هەشت پاسەوانمان کردووە بۆ ئەم مەبەستە.